کورد لە نێوان نەتەوایەتیی و جیهانداگرێتی[1]

موجاهیت بیلیچی*

لە ئینگلیزییەوە: لەیلا سەمەدی

سێهەمین پارتی گەورەی سیاسی لە تورکیا، پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە)، پارتێک کە لە هەرێمە کوردییەکاندا قۆرخی سیاسیی نزیک بە تەواوی هەیە، کەچی خۆی بە کورد ناناسێنێت. هەمان شت بۆ پەکەکە (پارتی کرێکارانی کوردستان)[2]، بزووتنەوەیەکی گەریلایی چەکدارییە کە تادێت لە ئامانج و داخوازییە تایبەتەکانی کورد دوور دەکەوێتەوە. چیتر بەدوای سەربەخۆیی بۆ کورد نیە بەڵکو بە گوتەی سەرکردەکانی، بەدوای دیموکراتیزەکردنی بنچینەیی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. لە کاتێکدا پەکەکە لانیکەم وشەی کوردستانی لە ناونیشانەکەیدا هەیە- کە وەک ئاسەواری سەردەمی پێشووتری ماوەتەوە- ئەو حیزبە سیاسییە یاسایییە واتە هەدەپە، هیچ شوێنپێیەکی لەو شێوەیەی نییە. تەنیا حیزبێکە بۆ "گەل" (halklar). پێدەچێت ئەم دوو بزووتنەوە سیاسییە قۆرخییەی کوردە لە هەردوو شێوازی شەرقانیی و یاسایی-مەدەنییانەدا، ئەگەر نەڵێین بە تەواوی وازیان لێ هێناوە، دەکرێت بڵێین لە تایبەتمەندی سیمای کوردیی خۆیان زۆر لایان داوە.

لێتێپەڕبوونی هاوتەریب لە تایبەتمەندیی کورد، مۆری سیاسەتی ئیسلامی بەگشتی و تورکیای سەردەمی ئاکەپە بەتایبەتی بووە. کوردە ئیسلامییەکان کە پشتیوانی لە ئاکەپە دەکەن و ئیسلامییە کوردەکان کە هەوڵدەدەن تا ڕادەیەکی کەم خۆبەڕێوبەری لە بەرامبەر ئاکەپە بپارێزن بە پێکهێنانی پارتی سیاسیی جیا وەک[3] HUDA-PAR (پارتی ئامانجی ئازاد) هەموویان بەشداری لە چەمکی یەک ئومەت(one ummah) دەکەن و بانگەوازی بیرۆکەی برایەتی ئیسلامی( Muslim brotherhood) دەکەن . بیرۆکەی برایەتی ئیسلامی وەک چۆن لە لایەن ئیسلامییە تورکەکانەوە بەکاردەهێنرێت، بەدوای دواخستن و ڕاگرتن و بنبڕکردنی کۆتایی تایبەتمەندییەکانی ناسنامەی کوردە. لە ڕوانگەی ئیسلامییەکان بۆ شوناسی کورد، وەک ژێرکۆمەڵێک لە ناسنامەی بەرفراوانتر و سەرتاسەری موسڵمانبوون، کوردایەتی وەک شتێکی زیادە دادەنێت. لە وەرچەرخانێکی

---

1. Kurds between Ethnicity and Universalisms.

* کۆلێژی جۆن جەی، زانکۆی سیتی نیویۆرک (CUNY).

2. پەکەکە لە ساڵی 1978 بە سەرکردایەتی عەبدوڵڵا ئۆجالان دامەزراوە. بۆ هەندێ گێڕانەوەی کلاسیکی سەرهەڵدانی پەکەکە، بڕوانە ئەلیزا مارکوس، خوێن و باوەڕ: پەکەکە و شەڕی کورد بۆ سەربەخۆیی (NYU Press, 2009) و عەلی کەمال ئۆزجان، کوردەکانی تورکیا: شیکارییەکی ڕوانستیانە بۆ پەکەکە و عەبدوڵڵا ئۆجالان (Routledge, 2006).

3. HUDA-PAR (Hur Dava Partisi) لە ساڵی 2012 وەک باڵی یاسایی و مەدەنی گرووپێکی چەکداری، پێشتر چەکداری حیزبوڵڵا، گرووپێکی شۆڕشگێڕی ئیسلامیی توندڕەو و خۆئاگای کورد و توندڕەو دامەزرا. ئەم گرووپە بە حیزبوڵڵای کوردیش ناسراوە، بە شێوەیەکی بەرفراوان پێدەچێت لەلایەن دەوڵەتی بنەڕەتی تورکیاوە وەک هێزێکی بەرپەرچدانەوەی دژ بە پەکەکە پاڵپشتی کرابێت. حیزبوڵڵای کورد جگە لە لێکچوون لە ناودا هیچ پەیوەندییەکی بە گرووپی میلیشیای شیعەی لوبنانەوە نەبوو. لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا حزبوڵای کوردی تاکە گروپی چەکدار بوو لە باکور (کوردستانی تورکیا) کە دەیتوانی تەحەدای پەکەکە بکات، کە تا ئەو کاتە نوێنەرایەتی سیاسی کورد و توانایی توندوتیژی لە دەرەوەی توندوتیژی دەوڵەتی تورکیای قۆرخ کردبوو. حیزبوڵڵا بە پشتیوانی دەوڵەتی تورکیا، وەک سێیەم ئەکتەری شانۆی توندوتیژی ناوچەکە دەرکەوت. لە کاتێکدا پەکەکە هێشتا قۆرخکاری خۆی لە توندوتیژی کوردیدا بەدەستەوەیە، تاکە گروپی سیاسی کە لایەنی ناڕەزایی لەبەرامبەریدا هەیە، هود پارە HUDA-PAR، کە ئەگەرچی ئێستا حزبێکی مەدەنییە، بەڵام بەردەوامە لە پاراستنی مافی خۆی بۆ بەرگریکردن لە خۆی لە دژی پەکەکە کە پەنا بۆ چەک ببات. بۆ شیکردنەوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش لە سەرهەڵدان و گۆڕانی گروپی ئیسلامی کورد بڕوانە مەهمەت کورت، حیزبوڵڵای کورد لە تورکیا: ئیسلامیزم، توندوتیژی و دەوڵەت (Pluto Press, 2017).

سەرسوڕهێنەردا، هەم سیاسەتی هەژموونگەری کوردی سیکۆلار و هەم سیاسەتی کوردی ئیسلامی لە مینۆری هاوپەیمانی ئاکەپەدا، کورد بەرەو ئەو ئامانجانە دەبات کە کوردایەتی ناپێویست دەکات و پەرە دەدات بەوە کە هیچ بەرژەوەندییەک لە نەتەوەییبوون و سەربەخۆیی کورددا نییە.

تایبەتمەندی کورد لە هەردوو چوارچێوەی سیاسەتی چەپ و ئیسلامی لە تورکیادا ون بووە. ئایدۆلۆژیا ڕزگاریخوازە جیهانگرێتەکان وەک سۆسیالیزم و ئیسلامیزم شوناسی کورد ناپێویست دەکەن و ناتوانن بە تایبەتی چارەسەری سکاڵاکانی کورد بکەن. نموونەیەک لەم جۆرە سکاڵانە مافی زمانە بۆ کورد. هەرچەندە هەردووکیان هاوشێوە باسیان لێوە کردووە، بەڵام نە ئیسلامییەکان (ئاکەپە) و نە چەپەکان (هەدەپە) هیچ کاتێک پرسێکی وەهایان وەک دۆخی کورد لە ڕاسەریی ئەجێندای سیاسەتەکانیاندا جێگیریان نەکردووە. دەکرێت چەندین نموونەی هاوشێوە بهێنرێتە ئاراوە.

لەم وتارەدا تیشک دەخەمە سەر ئەو ئاستەنگی هاوچەرخە کە لە ئەنجامی پێگەی زاڵبووی ئایدۆلۆژیای جیهانداگر لە ژیانی سیاسی کورددا بۆ شوناسی کورد جێگیر بووە. لە کاتێکدا ڕێگە بە کورد دەدەن کە شەرعیەتی ئایدیۆلۆژی و هەندێک بانگەوازی فراوانتر لە ناو کۆمەڵگای تورکیادا بەدەست بهێنن، بەڵام ئەم جۆرە ئایدۆلۆژیانە سێبەر دەخەنە سەر تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی کورد و ئیدیعا تایبەتەکانی کورد بە نەگونجاو و دووبەرەکیخەرەوە دادەنێن. وادیارە کورد لە نێوان پێداویستییە نەتەوەییە تایبەتەکانی خۆی و کارتێکەریی بێناونیشانکردنەکانی ئەو ئایدۆلۆژییە گشتگیرانەی کە بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنیان دەکەن، ون بوویێت.

لەبری ئەوەی بەدیل بۆ لقە زاڵەکانی سیاسەتی کوردی پێشنیار بکەم، لەم بەشەدا تیشک دەخەمە سەر قەیرانی نوێنەرایەتی لە سیاسەتی کوردی هاوچەرخ لە تورکیادا. تا ئەو ڕادەیەی کە ئەو کێشەیەی کە لە ژێر باسدایە ڕێگری لە توانایی کورد دەکات بۆ بەدواداچوونی ئازادی و یەکسانی لە بەرامبەر دەوڵەتی تورکیادا، دەستنیشانکردنی ئەم ئاستەنگە هەنگاوێکی پێویستە بەرەو تێگەیشتن لە شکستی سیاسەتی کوردی لە چەپی ڕادیکاڵەوە تا ئیسلامیزمی ڕادیکاڵ، سەرەڕای نزیکەی چل ساڵ خەباتی چەکداری و چل هەزار قوربانی، بچووکترین دەستکەوتی بۆ کورد نەبووە. هەرچەندە لایەنە کوردییەکان دەتوانن بە ڕەوا بانگەشەی ئەوە بکەن کە هەوڵە ڕاستگۆکانیان بەهۆی چەوساندنەوەی بەردەوامی دەوڵەتی تورکەوە بێکاریگەر بووە، بە ڕادەی بێکاریگەرییان ناتوانرێت واقعی ڕوونی قوربانیبوونی کورد پاساو بدرێت.

پارتی دیموکراتی گەلان:

‘ئێمە کورد نین، تورکیاین’

بزووتنەوەی سیاسی هاوچەرخی کورد لە هەردوو پێکهاتەی توندوتیژی نایاسایی (پەکەکە) و مەدەنییەتی یاسایی (هەدەپە)خۆیدا ئێستا لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدان کە ئازادکردنی کورد تەنیا بە

دیموکراتیزەکردنی بنەڕەتی وڵات مسۆگەر دەبێت. بەرنامەی حیزبی هەدەپە خۆی بەم شێوەیە وەسف دەکات: "حیزبێک بۆ چینی کرێکار، کرێکاران، جووتیاران، کاسبکاران، خانەنشینان، ژنان، گەنجان، ڕۆشنبیران، هونەرمەندان، خەڵکی ئێڵجیبیتیکویر(LGBTQ )، کەمئەندامان، چەوساوەکان و دەربەدەرەکانی هەموو نەتەوە و زمان و کولتوور و ئایینەکانی تورکیا."[4] هەدەپە خۆی وەک "پارتێکی دژە سەرمایەداریی بۆ ئازادی و یەکسانی"یش پێناسە دەکات. پێگەی خۆی وەک لایەنگری کرێکار، لایەنگری خۆبەڕێوەبەری، لایەنگری یەکسانی جێندەری، ئیکۆلۆژی و لایەنگری ئاشتی پێناسە دەکات، بەڵام لەگەڵ هیچ شتێکدا کە تایبەت بە شوناسی کوردی بێت، خۆی ناناسێنێت. نوێنەرانی هەدەپە لە بەرامبەر پرسیار و تۆمەت سەبارەت بە جوداخوازی و کوردایەتی، زۆرجار وەڵامیان ئەمە بووە و دەڵێن، "ئێمە پارتێکی کوردی نین. هەدەپە وەک پارتێکی تورکیایی دامەزراوە."[5]

زێدەڕەوی لە نوێنەرایەتیکردنی چەپی تورکیا و کەم نوێنەرایەتیکردنی کورد کە نزیکەی لەسەدا ٩٠ی حیزبەکە پێکدەهێنن، ناوبەناو ناڕەزایی لەنێو کوردەکاندا دروست دەکات. گروپە چەپە توندڕەوە پەراوێزخراوەکان، کە لە مێژە لە تورکیادا سێبەریان لەسەر بوو، ئاستی نایەکسان و ناڕێژەی نوێنەرایەتی و ڕۆڵی سەرکردایەتییان پێدراوە. ئەم دەستە بچووکانە بە یەکخستنی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی کوردیدا،"دەستیان بە بنکەیەکی جەماوەریی گەیشت کە زۆر زیاتر بوو لە هەر شتێک کە چەپی تورکیا بیتوانیایەت لە ڕێگەی هەوڵەکانی خۆیەوە بەدەستی بهێنایەت و بەڕێوی ببردایەت "[6] هەم هۆکاری ڕوانستیی و هەم هۆکاری پراکتیکی بۆ ئەمە هەیە. لەوانەیە لەڕووی ڕوانگەی حیزبیەوە، کێشەی سیاسی لە پرسی نەتەوەیی کوردەوە بۆ گۆڕانکاریی دیموکراتیکی بنەڕەتی دەوڵەت و کۆمەڵگا لە تورکیا (و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) سەرلەنوێ پێناسە کرابێتەوە.[7]

بە هەر پێوەرێک، هەدەپە، پارتێکی پێشکەوتووخوازە کە نوێنەرایەتی باشترینەکان دەکات کە لە حزبێکی سیاسی چاوەڕوان دەکرێت. سەرەڕای ئەوەش پرسیارەکە هەر دەمێنێتەوە: هەدەپە چەندە کوردە؟ ئایا بە شێوەیەکی گونجاو نوێنەرایەتی پێداویستی و ناڕەزایەتییەکانی بازنەی زۆرینەی هەڵبژاردنی دەکات، نە بە شێوەیەکی تەواو، بەڵکوو لە بەشی بازنەی هەڵبژاردەی کوردیەکەیدا؟

ئەو حیزبە بە ئامانجی ڕاکێشان و گەورەکردنی چەپی تورک دامەزرا. سەرەڕای کەمبایەخی هەڵبژێرانیان، وەک بەشێک لە بەرنامەی دروستکردنی هاوپەیمانی و زیندووکردنەوەی چەپی لاوازی تورکیادا ، پێگەی هاوبەشی سەرەکیی بە گروپە چەپەکانی سەروو لە تورکیا بەخشی. ڕادیکاڵە پێشکەوتووخوازە تورکەکان کە پلەیەکی بەرز لە ناو حیزبدا داگیر دەکەن و کوردێکی

[4] See “Halklarin Demokratik Partisi (HDP) Tuzugu,” https://www.hdp.org.tr/tr/parti-tuzugu/10 (Accessed June 7, 2020).

[5] .

[6] Cengiz Gunes, “Turkey’s New Left”, New Left Review, issue 107, 14.

[7] Abdullah Ocalan, Democratic Nation (Cologne: International Initiative, 2016).

ئاسایی کە دەنگ بە حیزب دەدات، لە ڕووی کولتوور و شوناس و شێوازی ژیانەوە هاوبەشی زۆر کەمیان هەیە. کەچی حیزب بە شێوەیەک داڕێژراوە کە یەکەمیان پێشەنگایەتی و نوێنەرایەتی دووەمینیان دەکات.

هەر چاودێرێکی سیاسی یەکسەر تێبینی ئەوە دەکات کە تەواویەتی سیاسەتی کورد لە چەپێکی ڕادیکاڵدا چەقێنراوەتەوە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرەو ئاراستەی تورکی دەمێنێتەوە و بەو شێوەیە تەواوکەری ڕاستگەرای تورکە بە ئامانج و ئاسۆی سنووردارکردنی دژایەتی و بەرخۆدان و ناڕەزایەتییەکەیەوە. بۆ چەپی تورکیا ئەمە حەسانەوەیەکی ڕەها و دەستکەوتێکی شۆرشگێرانەیە؛ واتە گرنگ نیە بیرۆکەکانیان چەندە نامۆ و تەریک بن، بنکەیەکی جەماوەرییان هەیە کە پشتگیریان دەکات. بەڵام لە ڕوانگەی جەماوەری کوردەوە، سیاسەتی کوردی یان وەک خەباتی قوربانییەکی بێدەسەڵات دەردەکەوێت یان وەک کرێکاری سیزیفئاسای گەشبین، کە بێوچان وەڵامی هەژمموونی حیزبی ڕاستی تورکیا دەداتەوە. بەداخەوە زۆربەی کوردەکان ئەو گریمانەیەیان لەناوخۆدا دەروونی کردووەتەوە کە ڕێکخراوە چەکدار و مەدەنییەکان کە بەناوی ئەوانەوە کاردەکەن دەزانن چی بۆیان باشترینە. کورد ئەگەرچی هەرگیز دەستکەوتی زۆر بەدەست ناهێنن، بەڵام پێیان دەوترێت و مەیلیان بۆ ئەوە هەیە کە باوەڕ بکەن خەریکی خەباتێکی بێکۆتایین. لە ئەنجامدا سیاسەتی کوردی بە فیتیشکردنی دروشم و بەرخۆدان و ناڕەزایەتی دەناسرێتەوە. بۆ کەمینەیەکی کەمتر ڕەنگە سیاسەتێکی لەو شێوەیە بێزیان بێت، بەڵام بۆ حزبێک کە نوێنەرایەتی زیاتر لە 20 ملیۆن کورد دەکات، ڕێپرتوارێکی(کارنامەی) سیاسی بەم سروشتە بێ بەرهەمە.

کورد لە ڕێگەی هەدەپەوە چەپی نوێی لە پانتایی سیاسی تورکیای پێکهێنا.[8] ئەم پێشهاتە نوێنەرایەتی سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراو دەکات بۆ دەوڵەتی تورکیا. چیتر پێویست ناکات دەوڵەت ڕووبەڕووی کێشەی جوداخوازی کورد یان ئاستەنگی سەربەخۆیی ببێتەوە. مەترسی جوداخوازی جێگەی گرتۆتەوە بە سیاسەتی پێشکەوتووخوازی چەپی نائیتنیکی. بەڵام ئەمە لە دەوڵەتی تورکیادا ئەو هەستە ئاسوودەییە دروست ناکات کە چاوەڕێی دەکرێت. و بەردەوامە لە بینینی هەدەپە وەک درێژکراوەی پەکەکە و بە ئارەزووی خۆی پێی باشترە وەک قەوارەیەکی تیرۆریستی مامەڵەی لەگەڵدا بکات نەک وەک پارتێکی سیاسی چەپی ڕەوا. تەنانەت ئەگەر گریمانە بکەین کە هەدەپە بە تێپەڕاندنی شوناسی کوردی "لە پێناوی مرۆڤایەتی مەزنتر"[9] قوربانییەکی فەزیلەتانە دەدات، لە بەرامبەردا هیچ دەستکەوتێک بەدەست ناهێنێت کە سوودی بۆ کورد یان مرۆڤایەتی خۆی هەبێت. وادیارە بە قوربانی هەرجۆرە کەرامەت و شکۆداری لە لایەن

---

[8] Gunes, 11.

[9] A staple of HDP campaign literature is the slogan, “bizler, buyuk insanlik” (all of us, the greater humanity), https://www.hdp.org.tr/tr/buyuk-insanlik-cagrisi/6050

هەدەپەوە، لە بەر چاوی زۆرینەی تورک لە ناونانی نەفرەتی تیرۆریست(یان لایەنگری تێرۆریست) ڕەها نابێت.

ڕەنگە ئەم پرسیارە بێتە پێشەوە کە بۆچی لە نێو کورددا هیچ بەدیلێکی بەرچاو بۆ هەدەپە نییە؟ پرسیارێکی لەم جۆرە وا گریمانە دەکات کە سیاسەتی کوردی لە ژینگەیەکی مەدەنیدا ڕوودەدات. ئەوە وا نیە. لە ژێر سێبەری دەوڵەتی تورکیا یان پەکەکە نەبێت، هیچ پارتێکی سیاسی کوردی ناتوانێت بمێنێتەوە. نوێنەرایەتی کورد لە لایەن لایەنەکانی سەربە پەکەکە قۆرخ دەکرێت کە لە بەرامبەردا دەنگی کوردیان وەک کەرەستەی خاو بۆ سیاسەتێکی پێشکەوتووخوازانەی تورکیا هەڵبژاردووە و لەگەڵیدا بەوشێوەیە هەڵسووکەوت دەکەن. نە ئەو ژنە نەخوێندەوارانەی کورد کە تابلۆی LGBTQیان هەڵگرتووە کە لە لایەن ئۆپەراتیڤە حیزبییەکانەوە پێیان دراوە، نە ئەو کچە گەنجە کوردانەی کە کڵاشینکۆفیان هەڵگرتووە و بە بەڵێنی یۆتۆپیایەکی فێمینیستی دوور لە چاوەڕوانی، چاودێرانی ڕۆژئاوایی پێ سەرسام دەکەن، لەو شتەی کە بیانییەکان گریمانەی دەکەن کە چی دەکەن، خۆیان ئاگادار نیین.[10] هیچ شتێک نییە بەڕاستی بنەڕەتی و/یان دیموکراسیانە لە هیچ یەک لەو وێنانەدا. جەستەی کورد بە سادەیی هەڵگری نیشانەگەلی سیاسی و ئەنجامدانی ئەرکی سەربازیین کە لە ڕووی فیکرییەوە نامۆیە بۆیان و لە واقیعە کۆنکرێتییەکانیان جیابوونەتەوە. ئەوان فەرمانی ڕێکخراوەیەک پەیرەو دەکەن کە وا گریمانە دەکەن خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان وەک گەلی کورد دەکات.

ئەزموونی ڕۆژئاوا لە خۆبەڕێوەبەریی کورد لە باکوری سوریا کە لە ئەنجامی گەیشتنگەی ڕووداوەکاندا هاتە ئاراوە، واتە شەڕی ناوخۆیی سوریا، پشتیوانیی باوەڕپێنەکراوی ئەمریکا، شەڕی داعش- زۆرجار لەلایەن چاودێرانی دوورەوە وەک دەستکەوتێکی یۆتۆپیایی ناو دەبرییەت. بۆ نموونە مایکل لۆوی دەڵێت:

> ئەو کارەی کە ئەم شۆڕشگێڕانە لە پارێزگاکانی باکوری سوریا هەوڵی بۆ دەدەن بێ پێشینەیە. لە ڕێگای خۆڕێکخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە خوارەوە، هەوڵ دەدەن دانیشتوانی کورد، عەرەب، ئاشووری و ئێزدی لە کۆنفیدڕاڵییەکی سێکۆلار کۆبکەنەوە کە لە تیرەگەری ئایینی و ڕق و کینەی ناسیۆنالیستییەوە هەڵدەقوڵێت. بۆ ئەوەی ئیکۆلۆژی و فێمینیزم بخەنە ناو دڵی پرۆژەیەکی دژە سەرمایەداری و دژە پیاوسالاری و دژە دەوڵەتبوون. بۆ پێشخستنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە ڕێگەی هاوسەرۆکی هەموو ئۆرگانەکانی بڕیاردەرەوە، و دروستکردنی هێزێکی چەکداری کە لە ژنان پێکهاتبێت. بۆ داهێنانی فۆرمێک لە دەسەڵاتی سیاسی لامەرکەزی و دیموکراتیک، کە لەسەر بنەمای ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی و دەرچوون لە دەوڵەت بێت واتە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک. ئەم ئەزموونە بێ‌وێنەیە لە نێوان بارودۆخێکی

[10] .Wes Enzinna, “A Dream of Secular Utopia in ISIS’ Backyard”, The New York Times, November 24, 2015 .

دراماتیکدا، لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامدا لەگەڵ هێزەکانی کۆنەپەرستی بەهێز و سەرسەخت بنیات دەنرێت. لە ناوچەیەک لە جیهان کە بەهۆی نەبوونی لێبوردەیی ئایینیەوە لەیەکتر جیا بووەتەوە، ململانێی قەڵاچۆکەری نێوان ناسیۆنالیزمەکان، توندوتیژی کوێرانە، شەڕی نێوان خێڵەکان کە هەریەکەیان کۆنەپارێزەر ی ڕابردوون، دەستێوەردانەکانی زلهێزە ئیمپریالیستەکان، و هەژموونی سەرمایەداری لە دڕندەترین شێوەی خۆیدا، کوردستانی ئازادیخواز وەک بڵێسەی بچووکی یۆتۆپیا، وەک چرایەکی هیوا، و پەناگەیەکی دیموکراسی دەردەکەوێت.[11]

لەم جۆرە سەرسامبوونانەدا دەبینین کە چۆن هیوای ئۆتۆپیایی زۆرجار بەسەر توانمەندی خستنە ژێر پرسیاری ڕادەی ئەم جۆرە خەونانە لە ڕاستەقینەبوونی لە پراکتیکدا یان تەنانەت جێی متمانەبوونی لە ڕووی ڕوانستیانەوە، زاڵ دەبێت. پرۆژەی پەکەکە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیانە بە زەبری دەمانچە، بەرەو دیموکراسیی بێ ڕەعیەتە(بێبندەستە). ساویلکەیی پەکەکە لەم ڕاستییەدایە کە نازانێت خۆی دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردە تەنانەت لە کاتێکدا بیرۆکەی بەڕواڵەت دژەدەوڵەتگەرانەی خۆی ڕادەگەیەنێت. نە ئەزموونی ڕۆژاوای هەرێمی لە سوریا و نە ئەزموونی سیاسی هەدەپە لە تورکیا، پرۆژەی بەشداری مەدەنی لە خوارەوە بۆ سەرەوە نین. بەڵکو لە هەردوو حاڵەتەکەدا لە سەرەوە دەسەپێنرێن بەسەر بازنەیەکدا کە پێدەچێت هیچ بژاردەیەکی تری نەبێت جگە لە پشتیوانیکردن لە "حیزبی کوردی".

توندوتیژیی پەکەکە لە بەرامبەر دەوڵەتی تورکیا و دەزگای ئەمنییەکانیدا، تاڕادەیەکی زۆر بەشێوەیەکی بنەڕانە لەلایەن بازنە مەدەنیی و پێشکەوتووخوازانەکانەوە، لە تورکیا و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، پاساوهەڵگر بوون. جگە لەوەش چاودێرێکی پێشکەوتووخواز بەزەحمەت دەوێرێت پرسیار لە پەکەکە بکات لەسەر توندوتیژیەکانی بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل و لەسێدارەدانی خەڵک لە ناو ڕیزەکانیدا و هەڕەشەی بەردەوامی توندوتیژی لە دژی خەڵکی مەدەنی کورد کە لەگەڵ دەستوورەکانیدا ناکۆکن. یەکێک لەو دەگمەن هەڵاوێردانە، ئەندامێکی پێشووی پەکەکە و ڕەخنەگری ئێستای حێزب، ئایتەکین یڵمازە، کە لە کتێبەکانیدا ڕەخنە لە بێدەنگی تەواوی چەپی تورکیا دەگرێت سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی پەکەکە، لە کوشتنی دەرەوەی دادوەرییەوە هەتا بەکارهێنانی سەربازی منداڵ(وەک گریلا).[12]

[11] Michael Löwy, “Libertarian Kurdistan: it matters for us, too!”, May 4, 2017, https://www.versobooks.com/blogs/3201-libertarian-kurdistan-it-matters-for-us-too (accessed May 17, 2020)

[12] Aytekin Yilmaz, Yoldasini Oldurmek (Iletisim, 2014) and Onlar Daha Cocuktu (Iletisim 2019).

تێڕوانینی سیاسی ئۆجەلان لە ماوەی ساڵانی زیندانیدا، گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هات.[13] سەرکردەیەک کە تا ئێستا پشتی بە بیرۆکە مارکسیستی سۆڤیەتەوە بەستبوو (لە ڕێگەی وەرگێڕانە تورکییەکانیەوە لەلایەن چەپی تورکییەوە)، دواجار دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا کە سەرچاوە چەمکییەکانی خۆی نوێ بکاتەوە. دەقەکانی ئۆجەلان بە شێوازی تێزی ماستەر نووسراون، کە لە ڕوانگەی ئەکادیمییەوە ئاساییین. ئەوەی کە پێدەچێت دۆزینەوەی گەورە بن لە لایەن ئۆجەلانەوە (واتە دیدارە دواکەوتووەکانی لەگەڵ بەنێدکت ئەندەرسۆن، ماکس وێبەر، میشێل فۆکۆ و کۆمەڵێک پاش-ستراکچەرالیستەکان، مارکسیستەکان و ڕوانستەوانانی دیموکراسی بنگەهی) کە لەمێژە بەشێکی سەرەکی ئەدەبیاتی ئەکادیمی بوون. لە وردبینییەکی وردتردا، تەنانەت لە پڕیارەکەیدا بۆ نوێکردنەوەی چوارچێوەی ڕوانستەکانی، ئۆجالان بەشێوەیەک ڕەسەن نییە، بەو پێیەی وادیارە شوێنکەوتەی ئەلفۆنسۆ کانۆ، فەرماندەی فارک (هێزی چەکداری شۆڕشگێڕی کۆڵۆمبیا) بکەوێت، کە گواستنەوەی هاوشێوەی بەسەردا هات.[14] خوێندنەوەی نوێی ئۆجەلان لە ڕوانستی ڕادیکاڵ وای لێکرد بیرۆکەگەلی ئەنارکۆ-ئازادیخوازییەکانی(anarcho-libertarian)مۆرای بووکچین لە باوەش بگرێت. ڕوانگەی نوێی ئۆجەلان بۆ "ئۆتۆنۆمی دیموکراتیک"، شارەوانی و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک یان مۆدێرنیتەی دیموکراتیک، هەمووی کەم تا زۆرێ وەرگێڕان و پرینەبەرخۆە پرتین و گورەکانی بیرۆکەکانی بووکچینە. بەهەمان شێوە، ژنۆلۆژی تازە داڕێژراوی ئۆجەلان، کە پێی دەڵێن، زانستی ئەو سەبارەت بە ژن، فێمینیزمی باشە.[15]

مەسیحیزمی مارکسیزم دەنگدانەوەی پەرستگەی خۆی لە خۆتێگەیشتنی ئۆجەلاندا دەبینێتەوە. ئۆجەلان بەڕوونی خۆی بە پێغەمبەر ناودەبات، کاتێک لەسەر ڕزگاری مرۆڤایەتی دەنووسێت، کە لە کۆنەوە دەست پێدەکات و زۆرجار کە ئاماژە بەتێپەڕاندنی ئەم یان ئەو ڕوانستەوان دەکات، ڕەوانبێژ دەبێت. سەرەڕای ئەوەش گرێی ڕزگارکەریی ئۆجالان بەهۆی خواستی سەلماندنی لێهاتوویی خۆی لە بنیاتنانی ڕوانستیدا بۆ چەپ (زۆربەی تورکی، بەڵام جیهانیش) هێور دەبێتەوە. ئەم هۆگرێتییە دەتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی گەنجی خۆی، کاتێک لە ژێر کاریگەری بزووتنەوە خوێندکارییەکانی ساڵانی شەست و حەفتاکان بوو. هەروەها پێشینەی ئەو پێداگری ئۆجەلان بۆ هەوڵدان بۆ بەشداریکردن لە نامەگۆڕینەوەی بیرۆکەکان لەگەڵ مۆرای بووکچین لە ژووری زیندانەکەیەوە ڕوون دەکاتەوە. بووکچین هەرچەندە دڵخۆش بوو کە بیرۆکەکانی لەلایەن بزووتنەوەی کوردییەوە وەرگیراون، بەڵام لە کۆتاییدا ڕەتیکردەوە بچێتە ناو نامەنووسینی ڕاستەوخۆ

---

13. Joost Jongerden and Ahmet Hamdi Akkaya, "Democratic Confederalism as a Kurdish Spring: The PKK and Quest for Radical Democracy," in M. M. A. Ahmet and M. M. Gunter (eds.), The Kurdish Spring: the Geopolitical Changes and the Kurds (Bibliotheca Iranica: Kurdish Studies Series, No.12), 163-185

14. Gunes, 18.

15. Abdullah Ocalan, Liberating Life: Woman's Revolution (Cologne: International Initiative, 2013).

لەگەڵ ئۆجالاندا. بە پێداگری بەردەوامی پارێزەرەکانی، بووکچین ناچار بوو وەڵامی ئەوە بداتەوە، وەک پیرە پیاوێکی نەخۆش، کە ئیتر توانای خوێندنەوە و نووسینی نەماوە.[16]

خزمەتکارەکانی ئوممەت:

حێزبی خودا، کە بەڕێکەوت کوردە

کاتێک ئاکەپە لە ساڵی ٢٠٠٢ هاتە سەر دەسەڵات، کێشەی لەمێژینەی کوردی تورکیاشی بە میرات بردەوە. ڕوانگەی سەرەتایی حیزب بریتی بوو لە ڕێبازێکی تاڕادەیەک لیبراڵ بۆ مافەکانی کورد و دانپێدانانی سەمبوولیکی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان. ئەم سیاسەتە بە ڕاگەیاندنی پرۆسەی ئاشتی لە ٢١ی ئاداری ٢٠١٣ لە نێوان حکومەتی ئاکەپە و عەبدوڵا ئۆجالان ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە گەیشتە لوتکە. هەرچەندە پێشکەوتنی ڕاستەقینە کەم بوو، بەڵام پرۆسەی ئاشتی گەشبینییەکی بێوێنەی کۆمەڵگەی کوردی بە داهاتووی خۆی هێنایە ئاراوە. بەڵام پرۆسەکە لە ٢٢ی جولای ٢٠١٥ داڕما، کاتێک لایەنەکان لە ڕێگەی بریکارەکانیانەوە دەستیان بە ململانێ کردەوە. لەو کاتەوە سیاسەتی ئاکەپە بەرامبەر بە ناسنامەی کورد کەمتر هاوکاریکەر بووە. سەرهەڵدانی ئاکەپە کە پارتێکی ئایینی- کۆنەپارێزە بۆ سەر دەسەڵات لە تورکیا، هاوشێوە بۆ دامەزراوەی سێکۆلار و بۆ بزووتنەوەی سیاسی کورد وەک شۆکێک هاتە ئاراوە. سەرکردایەتی کورد کە نوقم بوو لە جیهانبینی سێکۆلار کە بە بیرۆکەی مارکسیستی لینینیستی داڕێژرابوو، بەزەحمەت حکومەتی نوێی ئایینی قبوڵ دەکرد. ئۆجەلان کە بەدرێژایی ژیانی پراگماتیستێک و جێماوی سیاسی بوو، بە ناڕەزاییەوە حکومەتی ئاکەپەی وەک وتاردەری خۆی قبوڵ کرد. هەرچەندە دانپێدانانی پەکەکە بە پێویستی جێگیرکردنی ئیسلام وەک توخمێکی کولتوری کوردی لە ئاستێکی سەرەتاییەوە لە ساڵانی نەوەدەکاندا دەستیپێکرد، بەڵام لە کاتی سیاسەتی سەردەمی ئاکەپەدا و لە وەڵامی سیاسەتی ئاکەپەدا کردەوەی بەرجەستەتر ئەنجامدرا.[17]

سەرەڕای ناتەواوییەکانیان، سیاسەتەکانی ئاکەپە بەرامبەر بە کورد جیاواز بوون لەو سیاسەتە عەلمانیانەی(سێکۆلار) کەمالیستی کە بۆ زۆربەی سەردەمی کۆمارییەکان زاڵ بوون بەسەر بیرۆکراسی تورکیادا. لە کاتێکدا کە دامەزراوەی عەلمانی تورک لە پرۆژەی نەتەوەیی عەلمانی تورکدا هیچ بوارێکیان بۆ ناسنامەی کورد نەبینی و بەمجۆرە ئاراستەیان بەرەو نکۆڵیکردن لە بوونی کورد وەک گەلێکی خاوەن زمانێکی دیاریکراو بوو، ئاکەپە وەک لوتکەی دژایەتی ئایینی- کۆنەپارێز لەبەرامبەر ئەو دامەزراوە عەلمانییە ڕێگەی بە هەندێک بوار بۆ ناسنامەی کوردایەتی دا. هەندێک

---

For Ocalan’s lawyers’ correspondence with Bookchin through his partner, Janet Biehl, see: . [16] https://www.demokrathaber.org/guncel/ocalan-ile-unlu-yazar-murray-bookchin-arasindaki-yazismalar-h62488.html

[17] . بۆ شیکارییەکی هەمەلایەنە لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کوردی سێکۆلار بەلەبەرچاوگرتنی ئیسلام لە هەڵوێستێکی بێلایەنانە، ئەگەر دژایەتی نەبێت، بۆ هەڵوێستێکی خۆگونجاندنتر لە ئیسلام، بڕوانە زێکی ساریگیل، سنوورە نەتەوەییەکان لە سیاسەتی تورکیادا: بزووتنەوەی سێکۆلاری کوردی و ئیسلام (NYU Press, 2018).

سەردەمی ئاکەپەیان بە کۆماری دووەم یان ئایینی ناوبردووە. لەم دووبارەبوونەوە نوێیەی دەوڵەتی تورکدا، لە دوو مەرجی سەرەکی هاووڵاتیبوون، موسڵمانبوون بوو نەک تورکبوون کە ناوبانگێکی بەدەستهێنا.[18] لەم قۆناغەدا، گرنگیدانێکی بەهێزتر بۆ ئیسلام بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر جەخت لەسەر چەمکی ئوممەت بکرێتەوە. وەک بەشێک لە ئوممەت، تورکەکان هەندێک فەزای برایانەیان بە موسڵمانانی غەیرە تورک بەخشی، لانیکەم تا ئەو کاتەی سەرکردایەتی تورکیایان لە جیهانی موسڵمانان قبوڵ کردبێت. داڕمانی نەتەوەی تورک و ئوممەتی موسڵمان بۆ یەک ئەمەلگەم(تواندنەوە) لە مێژە تەڵەیەک بووە بۆ کورد، کە بەو هۆیەوە مافی کوردستانیبوون دەسڕێتەوە. ئیسلامییە تورکەکان هەمیشە پرسی کوردیان وەک دیاردەیەک سەرەتایی دەبینی و ئامۆژگاری سەبریان دەکرد بۆ برا کوردەکانیان تا ساتەوەختی گۆڕانی بنچینەیی.[19] هاوشێوەیی نێوان گوتاری چەپی شۆڕشی کۆتایی و گوتاری ئیسلامیی ڕزگاری ئوممەت بەڕێکەوت نییە: ئەوەی یەکەمیان کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دووەمیان هەبوو.

یاریزانێکی گرینگ کە لە ساڵانی نەوەدەکاندا کەوتە بەرچاو، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئیسلامیی کورد و پارتی سیاسی بوو کە لە ئێستادا بە HUDA-PAR (Hur Dava Partisi) یان پارتی ئامانجی ئازاد ناسراوە. کورتکراوەکەی بانگەوازی وشەی هودا دەکات کە لە زمانی تورکیدا بە واتای "خودا" دێت، واتای "حزبی خودا" دەگەیەنێت، واتە حزبوڵڵا. حیزبوڵڵای پێشوو کە ئێستا HUDA-PAR ە، سەرەڕای هەژموونی نزیک بە تەواوی ڕێکخراوەکانی سەر بە پەکەکە لە هەرێمە کوردییەکاندا، توانی فەزای خۆی بتاشێنێت. HUDA-PAR، یان هودا-پار پێش دامەزراندنی لە ساڵی ٢٠١٢ وەک پارتێکی سیاسی یاسایی، بوونی وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی مەدەنی خێرخوازی هەبووە لە ژێر ناوی مستەزاف-دێر (کۆمەڵەی هاودەنگی لەگەڵ لێقەوماقان) لە ساڵانی ٢٠٠٠دا. پێش ئەمە، ئەم گرووپە لە ساڵانی نەوەدەکاندا وەک نیمچە سەربازییەک کە پەیوەندی بە کوشتن و تۆڵەسەندنەوە لە ئەندامانی پەکەکە لە شارە گەورەکانی کوردستانی وەک دیاربەکر و باتمان هەبووە، ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنابوو[20].

حیزبوڵڵا جگە لە سەرکەوتنە بەرچاوەکانی لە تێرۆرکردنی ئەندامانی پەکەکە لە ناوچە شارییەکاندا، لە هەوڵێکدا بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆی وەک تاکە قەوارەی ئیسلامی کورد کە لەگەڵ پەکەکەدا ململانێ دەکات، ڕێکخراوە ئایینییە کوردییەکانی دیکەی کردە ئامانج.[21] ئەشکەنجە و ئێعدامە ترسناکەکانی لە کۆتاییدا گەیشتە ئاستێک کە دەوڵەتی تورکیا بڕیاریدا ئەو

---

[18] . Mucahit Bilici, Hamal Kurt: Turk Islami ve Kurt Sorunu [Kurd the Porter: Turkish Islam and the Kurdish Question], (Avesta, 2017), 77. Baris Unlu, Turkluk Sozlesmesi: Olusumu, Isleyisi ve Krizi (Dipnot Yayinlari, 2018).

[19] . بۆ تێگەیشتنی ئێتنۆگرافی لە تێڕوانینی ئیسلامی بۆ پرسی کورد، see Christopher Houston, Islam, Kurds and the Turkish Nation State (Berg, 2001).

[20] . دوو حاڵەتی هەرە بەرچاو لە تیرۆرکردنی سەرکردەکانی کۆمەڵگەی غەیرە پەکەکە لەلایەن حیزبوڵڵا، ئەشکەنجەدان و کوشتنی عیزەتین یڵدرم (سەرۆکی زێهرا وەکفی) و ڕفاندن و کوشتنی کۆنجا کوریس (فێمینیستێکی موسڵمان کە بە تێڕوانینە ڕاشکاوەکانی سەبارەت بە مافەکانی ژنان لە ئیسلامدا ناسراوە ).

[21] . هەروەها کێبڕکێ لەسەر دڵ و دەروونی کورد لە نێوان پەکەکە و گرووپە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکانی چالاک لە ناوچەکەدا، گۆڕانی ئەو گرووپانە لە بابەتی ئایین و نەتەوەدا ڕوون دەکاتەوە. بڕوانە مستەفا گوربوز، بزووتنەوە ڕکابەرەکانی کورد لە تورکیا: گۆڕینی ململانێی نەتەوەیی (Amsterdam University Press, 2016).

گروپە سەرکوت بکات. لە ١٧ی ژانویەی ٢٠٠٠دا، سەرکردەکەی حوسێن ڤێلیئۆغڵو لە هەڵمەتێکی پۆلیسدا لە ئەستەنبوڵ کوژرا. دوای سەرلێشێواوییەکی کورتخایەن، گروپەکە خۆی وەک ڕێکخراوێکی خێرخوازی مەدەنی داهێنایەوە کە گرنگی بە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەدات. و لە ساڵی ٢٠١٢ بوو بە پارتێکی سیاسی.

لە هەوڵێکدا بۆ پێگەیشتنی خۆی لە دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی سێکۆلاری کورد (پەکەکە و هەدەپە)، هودا-پار پلەیەکی زیاتری کوردایەتیی کولتووریی لە باوەش گرت. هەرچەندە جەختکردنی ئیسلامیستی نەریتی لەسەر ئومەت و بە ئیسلامیکردنی دەوڵەت بەردەوامە، بەڵام ئەمڕۆ ناسنامەی کورد لە هودا-پاردا ڕاشکاوانەتر لە هەدەپەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە. بەڵام کاتێک بەراورد دەکرێت لەگەڵ گوتاری گشتی برایەتی ئیسلامی ئاکەپە، هودا-پار نوێنەرایەتی هێڵێکی ناوچەییتر و بەم پێیەش زیاتر کوردی دەکات. سەرەڕای ئەوەش لە بابەتی سیاسەتی تورکیادا نەیتوانیوە لە پشتبەستنی بە ئاکەپە ڕزگاری بێت.

دوای دەیان ساڵ لە دانپیانەنانی کەماڵیستی سێکۆلار، سیاسەتی ئیسلامی بەڵێنی بەدیلێکی دا. لەبری تورکییەتێکی سێکۆلار کە ئامانجی سەرکوتکردنی کورد بوو لە ڕێگەی "تورککردن"ەوە، تورکییەتی ئایینی بۆ کوردە خواپەرستەکان دەرکەوت بۆ ئەوەی هێوریان بکاتەوە. زۆری نەخایاند بۆیان دەرکەوت کە ئیسلامی تورک هاوشێوە بە مەبەستی ئاسمیلەکردنی کوردە، ئەمجارەیان بە "موسڵمانکردن". ئەم تێگەیشتنە بووە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە ڕەخنەگرانی موسڵمانی کورد لە ناسیۆنالیزمی تورک بگەنە ئەو ئەنجامەی کە "ئیسلامیستە تورکەکان لەسەر مەسەلەی کورد موسڵمان نین و نابێت کورد لەم ڕووەوە متمانەیان پێبکات."[22]

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاکەپەدا لە ساڵانی ٢٠٠٠دا، ئاماژەکردن بە کوردایەتی مومکین و ڕەوا بوو تا ئەو کاتەی کە لە کەش و هەوایەکدا سنووردار دەبوون کە هاوڵاتیان و سیاسەتمەداران بتوانن شانازی بە هەمەجۆریی ناو موسڵمانانەوە بکەن. بەڵام بە کردەوە، هەمیشە ئەم هەمەچەشنییە بۆ بێدەنگکردنی جیاوازی نەتەوەیی کورد جێگیر دەکرا. توانایی کوردبوون تەنیا لەو کاتەدا بە کورد دەدرا کە بەڵێنیان بدایە کە بە ناوی ناسنامەیەکی گەورەتری موسڵمانەوە لە کوردبوون هەڵگەڕێنەوە و دەستبەرداری ببن. کێشەی موسڵمانانی دووری هەزاران کیلۆمەتر لە ئازاری دەستبەجێی کورد، لەلایەن ئیسلامییە تورکەکان و تەنانەت خودی کوردەکانیشەوە، بە گرنگتر دەزانرا. نەهامەتی کورد هەرگیز بەقەد موسوڵمانانی تر وەک ئەوانەی لە فەلەستین، میانمار یان کشمیر قورس نەبووە.

بەکورتی کێشەی ڕەنجی کورد وەک کێشەیەکی گشتی ڕەنجی موسڵمانان نووسرایەوە. ئەوە نەبوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی (یان دەسەڵاتی ئیسلامی) بوو کە بەرپرسیار بوو لە بێبەشبوونی

---

22. Ahmet Yildiz, “Mystifying Nationalism: Kurdish Islamists and the Kurdish Question” in Umit Cizre (ed), The Turkish AK Party and Its Leader: Criticism, Opposition and Dissent (Routledge, 2016), 210.

کورد.[23] لە سەردەمی پێش ئاکەپەدا، ئیسلامییەکان هەمیشە دڵنەوایی کوردیان دەدا بەوەی کە کاتێک ئیسلام هاتە سەر دەسەڵات، هەموو کێشەکانی ناسیۆنالیزم و هەڵاواردنەکان چارەسەر دەبێت.
بە واتایەکی‌تر، ئەو کێشانەی کە کورد ڕووبەڕووی بووەوە، وەک کێشەی تایبەت بە کورد نەدەبینرا، بەڵکو وەک کێشەیەک کە لە تایبەتمەندی دەوڵەتی سێکۆلارەوە سەرچاوەی گرتبوو، سەیر دەکرا. باسەکە لەسەر ئەمە بوو کە لەگەڵ ئیسلامیکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا، پرسی کورد لەناو دەچێت. بەڵام کاتێک هەژموونی ئاکەپە لە سیاسەتی تورکیادا دامەزرا و دەستی بەسەر کۆمەڵگادا توندتر بوو، جگە لە پرۆسەیەکی ئاشتی کورتخایەن، ئەوە ڕوون بووەوە کە ئیسلامیزم بڕیار نییە کێشەی کورد چارەسەر بکات. هێشتا زۆرێک لە خەڵک و ڕێکخراوە کوردەکان هاوپەیمانی ئاکەپە ماونەتەوە و دەستیان بە بەڵێنی چارەسەری ئیسلامییەوە گرتووە.
بە لەبەرچاوگرتنی توانمەندی سەرسوڕهێنەری ئاکەپە بۆ بەتاڵکردنەوەی دەنگەکانی کورد بە هەستیاریی و سۆزیی ئایینی، پارتە ئایینییە کوردییەکان تەنیا دەتوانن ئۆتۆنۆمییەکی تەنک(بچووک) لە بەرامبەر ئاکەپەدا بپارێزن. دەوڵەتی تورکیا نەک هەر بە بەرنامەی هاوکاری کۆمەڵایەتی بەڵکو بە گوتاری ئایینی ئومەت و برایەتی وتاردارێژی کوردە. دەرهاویشتەکانی ئەم سیاسەتە لە هاوپەیمانییەکی نافەرمی نێوان ئاکەپە و هودا-پار درێژەی هەیە. لەگەڵ زیاتر ئیسلامیبوونی دەوڵەتی تورکیا، سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنیستییەکەی تۆنێکی ئایینیتر لەخۆ دەگرێت.
ئیسلامی کوردی وەک کولتوورێکی ئایینی نەریتی مێژوویەکی دیاریکراوی هەیە کە لێرەدا پەیوەندی بەوەوە نییە، بەڵام ئیسلامیزمی کوردی وەک دیاردەیەکی مۆدێرن لە وەرزێکی تەواو نوێدایە. بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی ئیسلامیزمی تورکیە. بزووتنەوە ئیسلامییە کوردییەکان لە بزووتنەوە ئیسلامییە تورکییەکانەوە گەشەیان کرد تەنیا جیاوازی ئەوە بوو کە مەیلیان بۆ ڕادیکاڵتربوون بوو. ڕاستییەکی سەرنجڕاکێشە کە زۆربەی چەکدارەکان و سەربازە پیادە بەکارهێنراوەکانی ئیسلامیزمی تورکیا بەڕێکەوت لە بنەڕەتدا کوردن.
بێ‌گومان، لە دەرئەنجامی عەقڵیەتی ژێردەستەیی خۆیان، زۆرێک لە خەباتکاران و بەناو شەهیدانی ئیسلامیەکانی تورکیا، کە لە "جیهادی" هاوچەرخی جۆراوجۆردا شەڕیان کردووە یان گیانیان لەدەستداوە، لە ئەفغانستانەوە تا بۆسنی (و تەنانەت Mavi Marmara)، دەردەکەون کە کورد بوون. ئامادەیی ساویلکانەی ئیسلامییە کوردەکان بۆ قوربانیدان هەمیشە سەرچاوەیەک بووە بۆ سەروەرە ئیسلامییە تورکەکانیان. پێدەچێت هەمان شت سەبارەت بە ئامادەیی کورد بۆ قوربانیدان لە پێناو ئامانجی پیرۆزی چەپی شۆرشگێڕانەی سەروونەتەوەیی لەسەر تێچووی بەرژەوەندی خۆیان، ڕاست بێت.[24]

---

[23]. Houston, Islam, Kurds and the Turkish Nation State.
[24]. Mucahit Bilici, “How the global left hinders Kurdish liberation: a reply to Zizek”, Duvar English, October 26,

لە ڕووی فیکرییەوە ئیسلامیزمی کوردی شێوەیەکی ڕەسەنی ڕادیکالیزمی موسڵمانانی جیهانە، بە ناوبژیوانی ئیسلامیزمی تورک. لە ئاستێکی پراکتیکیتردا، ئیسلامیزمی کوردی لە کۆکردنەوەی ئایینداریی کوردیدا بە سپۆنسەری دەوڵەت لە دژی هەژموونی عەلمانی پەکەکە بەسەر دانیشتوانی کورددا شێوەی خۆی بنیات نا. حیزبوڵا وەک هێزێکی بەرپەرچدانەوەی چەکداری دژبە پەکەکە چالاک و پلەبەرزکرانەوە، و بوون بە دووەمین و یەکێک لە تاکە دوو گرووپی سیاسی کە توانمەندی توندوتیژی چەکدارییان هەبوو. ئەوە بەڕێکەوت نییە کە هەدەپە و هودا-پار، باڵی یاسایی-سیاسیی ئەو دوو گرووپە چەکدارەن، کە تاکە پێکهاتە سیاسی بەردەوامن لە ناوچە کوردییەکاندا. ململانێی خوێن و هاوسەنگی تیرۆر کە لە دوای ساڵانی نەوەدەکانەوە لە نێوان پەکەکە و حیزبوڵڵادا سەریهەڵدا، نەبوونی هیچ لایەنێکی سێیەمی بەرچاوی کوردی لە ناوچەکە و ئۆتۆنۆمی ڕێژەیی ئەمڕۆی هودا-پار ڕوون دەکاتەوە. تاکە قەوارەی سیاسی کە پەکەکە بە ناڕەزاییەوە لەبەر چاوی دەگرێت، هودا-پارە، چونکە ئەو گرووپە هەرگیز بە تەواوی دەستبەرداری چەکەکانی نەبووە بەڵکو لە حاڵەتێکی ئاساییدا نێژراون، و بەمافی خۆی دەزانێت لە داهاتوودا پەنایان بۆ ببات.

حیزبوڵڵا کە بە مێشکـتەسکی ئایینی و کۆنەپارێزی کولتووری بەهێز لە قۆناغە توندوتیژەکەیدا تایبەتمەند بوو، لە قۆناغی سیاسی خۆیدا لە ژێر دەسەڵاتی  هودا-پاردا پلەیەکی دیاریکراوی شارنشینی و "شارستانی"بوونی ئەزموون کرد. نە هودا-پار و نە پەکەکە یان هەدەپە بەدوای دەوڵەتێکی جیاواز و سەربەخۆیی نەتەوەیی بۆ کورد نین. بەڵکو هەردوو بزووتنەوەکە بەدوای جۆرێک لە سەربەخۆیی کولتووریدا دەگەڕێن کە پێدەچێت تەنیا بە گۆڕانکاریی گشتی وڵاتەکە دەستەبەر بکرێت. ئایا ئەم گۆڕانکارییە شێوەی "ئیسلامیکردن" یان "دیموکراتیزەکردن" وەردەگرێت، ئەو شتەی کە هێڵی نێوان ئەو دوو بزووتنەوەیە دەکێشێت.

ئامۆژگاری خانی

ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧)، یەکێک لە باوکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و نووسەری چیرۆکی کوردی، لە دیوانەکەیدا، واتە مەم و زین، جوڵەیەکی نائاسایی مۆدێرن و ئیلهامبەخش دەکات. با سەرەتا سەیری هەندێک دێڕ بکەین لە شیعرە بنەڕەتیەکەدا، دواتر وەرگێرانی نۆسراوی خۆم:

Zahidê xelwetnuşîn pabendê kirdarê xwe ye

Tacirê rîhletguzîn dilnarê dînarê xwe ye

Aşîqe dîlberhebîn dildarê dîdarê xwe ye

Da bizanî her kesek bê şubhe xemxwarê xwe ye

Bê amel tu j’kes meke hêvî ata û himmetê

---

.2019

Bê xerez nakêşitin qet kes ji bo kes zehmetê
Kes nehin qet hilgiritin barê te ew bê ucretê
Gerçi Îsa bit ewî vêk rakirê barê xwe ye
Hoşîyar bî, da nekî umrê xwe bê hasil telef
Ku nedaye faîde mal, genc û ewlad û xelef
Kürd Araştırmaları Dergisi
Macerayê Xidr-î dîwarê yetîmî bû selef
Vî zemanî her kesek mî'marê dîwarê xwe ye[25]

خانی، وەک بیرمەند و شاعیرێکی سەرەتایی مۆدێرن، لەم شیعرەدا، نموونە بۆ پێویستی "خۆبوون"بۆ کورد دەخاتە ڕوو:

هەر لە دەروێشی زاهیدەوە کە سەرنجی لەسەر نوێژەکانی دەبێت، تا بازرگانێکی سەفەری کە بەدوای قازانجەکانیدا دەگەڕێت، تا ئەو خۆشەویستەی کە تامەزرۆی بینینی ڕووخساری خۆشەویستەکەیە، هەرکەسێک لە خەمی خۆیدایە و سەرقاڵی کاروباری خۆیەتی. ئەوانەی خۆیان ماندوو ناکەن مافی ئەوەیان نییە چاوەڕێی یارمەتی لە کەسانی دیکە بکەن. کەس بەبێ هۆکار یارمەتی کەس نادات. کەس لەخۆڕا باری کەسێکی دیکە هەڵناگرێت. تەنانەت ئەگەر تۆ عیساش بویتایە، تەنها شتێک کە دەتوانیت بیکەیت ئەوە بوو کە باری خۆت هەڵبگریت. لە خەو هەڵسە ئەی خانی، کەواتە کە لە دونیادا کاتت بەفیڕۆ نەدەیت. بزانە خێزان و منداڵ و نەوەکان هیچ سوودێکی نییە تا کار نەکەیت. دیواری ئەو هەتیوانەی کە لە چیرۆکی خدردا باسکراوە، هی ڕابردووە. لەم سەردەمەدا هەر کەسێک تەلارسازی دیواری خۆیەتی.

ئاماژەکردن بە مۆدێرنیتەیەکی سەرەتایی کە کوردەکانیش، دەبوو سوبژێکتیڤیەتی خۆیان بنیات بنێن، خانی مەتافۆری خشتساز بەکاردەهێنێت. لە دێرەکانیدا یەکەم وروژاندنی سوبژێکتیڤی سیاسی کورد دەبینرێت. پێداگری تایبەتمەندانەی ئەو ("دیواری خۆی") پێشبینی ئەو دۆخە سەختەی داهاتووی کورد دەکات کە تێیدا چارەی خۆنووسی کورد لە بەرامبەر ئەو پاڵنەرە جیهانداگرانەدا دادەنرێت کە لەلایەن دراوسێ موسڵمانە گەورەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت.

چاودێرێک لە وەڵامی یەکێک لە دەستێوەردانەکانی ئەم دواییەی تورکیا دژی کورد لە ڕۆژئاوا (باکوری سوریا)، لیستێک لە هۆکارەکانی ئەو دۆخە نالەباری کوردە دەخاتە ڕوو کە دەبێ کورد خۆی تاوانبار بکرێت. دوا بڕگەی ناو لیستەکە، هەرچەندە بێغەرەزانە خۆی ئەنوێنێت، بەڵام جێگەی سەرنجە: "و لە کۆتاییدا، و لەوانەیە لە هەمووی گرنگتر، کورد پێویستە زیاتر متمانەی بەخۆی هەبێت، و واز لە متمانەکردن بە کەسانی دیکە بهێنێت."[26]

---

[25] Ehmedê Xanî, Dîwan, [Hemû Berhem] (Wesanen Lîs, 2019), 237.

[26] Latif Tas, "Regimes of evil: Colonization continues," OpenDemocracy, October 24, 2019, https://www.opendemocracy.net/en/can-europe-make-it/regimes-evil-colonization-continues/

ئەنجام

لەم باسەدا هەوڵم داوە جەخت لەسەر مەحاڵبوونی کوردبوون لە ڕووی سیاسییەوە بکەم. پێداگریی سیاسی لە سەر ناسنامەی کورد بەبێ نێوەندگیری ئیسلام یان سۆسیالیزم تا ڕادەیەکی زۆر مەحاڵە، چونکە دەستبەجێ هێرشی دەوڵەت و تۆمەتەکانی تورکیا بە ڕەگەزپەرستی، ناسیۆنالیزم، جوداخوازی و هتدی بەدوادایە. لە دەرەوەی کوردایەتی، کورد لە بەرامبەر ڕەتکردنەوە و سەرکوتکردنی تورکیا، ساڵانێکە پەنای بۆ بزووتنەوە ئیسلامی یان چەپگەرا توندڕەوەکان بردووە. هەردوو ئەم دەرچە سەرووی کوردە، ڕێگەیان بە کورد داوە خۆی لە زەلیلکردنی تورکیکردن بەدوور بگرێت و لە هەمان کاتدا ئەو شکۆیەیان پێدەبەخشێت کە بەشێک بن لە چاکەیەکی جیهانداگر. بەڵام ئەم بزووتنەوە سەرووکوردانە(supra-Kurdish) هەمیشە لە دانپێدانانی دروست بە شوناسی کورد و ڕاسەرییەکانی کەم دەکەنەوە. لە نەبوونی کورد بۆ خۆیان قسە دەکەن، کەسی‌تر لەبری ئەوان قسە ناکات.

بە کورتی، ئەکتەرە سیاسییە کوردەکان لە هەوڵەکانیان بۆ دوورکەوتنەوە لە پەراوێزخستن لە سیاسەتی تورکیادا، زۆرجار هەڵبژاردنێک دەکەن کە لە داخوازی مافەکانیان کەم دەکاتەوە. لە ئەنجامدا هیچ هەستێکی پێویستی پەیوەست نییە بە شتە کوردییەکانەوە، چونکە ئەوان بەبێ گۆران لە ژێر سێبەری پرسگەلێکی گشتیتری سیاسەتی تورکیا یان ئایدۆلۆژیا جیهانداگرەکاندان. حیزبە کوردییەکان کە دەکرا و دەبوو بە ناوی کوردەوە ببنە یاریزانی سەرەکی لە سیاسەتی تورکیادا، لە پلاتفۆرمێکی چالاکی پێشکەوتووخوازانە شتێکی زیاتر نیین، ئەو پێگەیە کە بەهادان و فیتیشکردنی بەرخۆدانی، ئاسۆی سیاسی پێناسە دەکات و سەرقاڵی دەکات. ئەوەی پێشکەشی کورد دەکەن بانگەوازێکە بۆ زاڵبوون بەسەر ناسنامەی کوردایەتی و پیاهەڵوتن بە بەرخۆدان لەسەر حیسابی ئایدیاڵەکانی ئازادی و سەربەخۆیی. کورد چیتر شەڕ بۆ مافەکانی خۆی ناکات، بەڵکو دژی سەرمایەداری و پیاوسالاری و دەوڵەت-نەتەوە شەڕ دەکات. وادیارە بێهیوایی کورد بۆ گەیشتن بە بەنەتەوەبوون یان دەوڵەتبوون، ڕەتکردنەوەی سەرسوورهێنەرانەی هەم بیرۆکەی نەتەوە و هەم دەوڵەتی لێکەوتبێتەوە. ئایا ئەمە فەزیلەتێکە یان نا، ئەم باسە جێ مشتومڕی جددیترە.

گرنگە بزانین کە جار واهەیە کە هەوڵەکان بەرەو تێپەڕاندنی ناسنامەی نەتەوەیی دەتوانن بە هەڵەدا بچن و لە ئەنجامدا خۆبەدەستەوەدانێکی خۆبەخشانە بەدوای خۆیاندا بهێنن. پێدەچێت پیاهەڵوتنی ساکارانەی شێوەی قوربانیدانی کورد لەلایەن ڕۆشنبیرانی پێشکەوتووخوازی ڕۆژئاواوە تەنیا ڕێگری بکات لە بەدەستهێنانی تێروانینێکی ڕاستەقینەی کورد بۆ دۆخی ناڵەباری خۆی. خۆنەویستی کورد کە ئایدۆلۆژیا جیهانداگرەکانی ئیسلامی یان سۆسیالیستی داوای دەکەن، بەس زیانی بۆ کورد هەیە و هیچ قازانجیکی بۆ مرۆڤایەتی نییە.